کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-9-2007 2:02

## گۆرانكارييه نوێكانی سيستمی فێركاری ... فايەق سەعيد - بەشی 3 (5)

دیداری گەشە

لەخاڵی دووەمی پرۆژەکەی وەزارەتی پەروەردەدا باس لەدیداری گەشە کراوە کەلەهەموو وڵاتە



ڕۆژئاواییەکان پیادە کراوەو ئەمڕۆ هیچ یەکێك نیە لەئاست پوختی ئەم دیدارە دوو دڵ بێت. ئەم دیدارە بریتیە لەوەی سەرپەرشتیاری هەر پۆلێك ساڵی دوو جار دایبابی هەموو خوێندکارێك لەگەل خودی خوێندکارەکە دەبینێت. لەو دیدارەدا دایبابەکان هەموو زانیارییەکیان لەسەر مناڵەکەیان پێدەدرێت، هەر لەئاستی زانستیەوە تا بزێوی و ژیری و شەڕو ئاژاوەکانیش. ئەم کارە لەسەرەتادا هەندێك گرفت و نارەحەتی بۆ مامۆستاکان دروست دەکات چونکە شتێکی نوێیەو لەوانەیە ئامادەکاریشی بۆ نەکرابێت چ وەکو کات و چ وەکو پەیداکردنی شوێن بۆ ئەو هەموو دیدارانەی مامۆستاکان دەیکەن. دیداری گەشە لەسەر ئاستی دووریش ئەو گرفتە دروست دەکات کەبەشێکی زۆری دایبابەکان لەوانەیە بۆ ئەو دیدارانە نەیەن. هەروەها من وای بۆ دەچم ئەم کارە مامۆستاکان کەمێك نارەحەت بکات چونکە ئەرکێکی زیادە دەبێت بەسەر شانی مامۆستاکانەوەو لەوانەیە بڵێن ئێمە کارە زیادە بۆ بکەین؟ بەشێوەیەکی گشتی ئەم گۆرانکارییە تازانە ئەرکی مامۆستایان قورستر دەکاتەوە بۆیە من پێشنیاری ئەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە دەکەم کەکەمێك دەست بەگیرفانی خوێیدا بکات چونکە بەبێ تەرخانکردنی بودجەیەکی زیاتر بۆ قوتابخانەکان و مامۆستاکان زۆر ئەستەمە پرۆژەیەکی وا گەورە سەرکەوتن بەدەست بێنێت. لەبەرامبەر ئەمەشدا مامۆستاکان دەبێ هەست بەوە بکەن ئەم کارەی ئەوانە دەیکەن گۆڕینی سیستمی فێرکارییە کەلەماوەی داهاتوودا نەوەیەکی نوێمان بۆ دێنێتە بەرهەم. بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم دیدارانە زۆر لەبەرژەوەندی خودی مامۆستاکانیش دایە.

هەرچۆنێك بێت ئەو دیدارانە چوار خاڵی پۆزەتیف لەخۆ دەگرن: یەکەم خێزانەکان وەکو ئێستا لەمناڵەکانیان بێئاگا نابن و دەزانن لەقوتابخانەدا چی دەخوێنن و چی دەکەن و ڕەوشتیان لەچ ئاستێکدایە. دووەم پەیوەندی نێوان خێزانەکان و مامۆستاکان و قوتابخانەکان بەهێز دەبن. سێیەم خێزانەکان بەشێوەیەکی زۆر ئاسانتر ئەو کەناڵەیان بۆ دەکرێتەوە کەبتوانن لەرێگەیەوە گلەیی یا ستایشەکانی خۆیان بەقوتابخانە بگەیەنن. چوارەم مامۆستاکان دەتوانن لەنزیکەوە گلەییەکانی خۆیان بگەیەننە دایبابەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێك لەو شەرو ئاژاوانەی هەندێك مناڵ لەقوتابخانەدا دەیکەن بەخودی دایبابەکان چارەسەر بکرێن. من وا چاوەروان دەکەم ئەم دیدارانە رادەی بزێوی و ئاژاوەگێری هەندێك خوێندکار کەم بکاتەوە.

من دیداری گەشە بەیەکێك لەبنەما جوانەکانی کاری پەروەردەیی دادەنێم کەزۆر گرفت لەکۆڵ مامۆستاکان دەکاتەوەو هەموو لایەنەکان فێری ئەوەش دەبن بەدیالۆگ گرفتی مناڵەکان چارەسەر بکەن. گوێگرتنی مامۆستاکان لەدایبابەکان دەبێتە هۆی ئارامی ئەوان چونکە کاتێك مرۆڤ گوێی لێدەگیرێت هەستێکی دیکەی لەلا پەیدا دەبێت. ئێمە هەموومان لەدەسەڵاتی کوردی تورەین چونکە گوێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:02 30-9-2007

لەکەسمان ناگرێت، بۆیە من بەدڵنیاییەوە دەڵێم دیداری گەشە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا منداڵەکانمان دەسەڵات ناچار بکەن کەگوێیان لێبگرن.

ئەگەر بەراوردێکی ئەم حاڵەتە لەگەڵ رابردوودا بکەین دەبینین منداڵەکانمان بەدرێژایی ساڵ دێن و دەچن بەبێ ئەوەی دایبابەکان هیچ جۆرە ئاگادارییەکان لەبارەیانەوە هەبێت. هەندێك قوتابخانە لەکاتی نارەحەتی و بزێوییەکی زۆردا یا کاتێك منداڵێك پەنجەرەکانی قوتابخانە دەشکێنێ... هتد پەیوەندی بەخێزانەکانەوە دەکات. زۆر دایباب گلەیی ئەوە دەکەن کەتا منداڵەکانیان کارت وەرنەگرن ئەوان ئاگایان لەئاستی زانستی منداڵەکانیان نیە. بۆیە قوتابخانە وێنەیەکی نێگەتیڤی لەلای زوربەی منداڵان و دایبابەکان هەیەو ئەرکی قوتابخانەیە ئەو وێنەیە بگورێت. یەکێك لەو چارەسەرانە ئەوەیە کەقوتابخانە دەستخۆشی لەدایبابەکان و منداڵە باشەکانیش بکات نەك تەنها گلەییان لێبکات.

پرسێکی زۆر جیدی دیکە کەلەخالی دووەمی پرۆژەکەی وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە بریتیە لەیارمەتیدانی منداڵە ئاست نزمەکان. واتە ئەگەر منداڵێك لەوانەیەکی دیاریکراودا پێویستی بەیارمەتیەکی زیاد یا تایبەت هەبوو ئەوە وەزارەتی پەروەردە گفتی ئەوە دەدات ئەو یارمەتیەی بدات. ئەم خاڵە دوو لایەنی هەیە: لەروانگەی تیۆرییەوە یەکێك لەئامانجە هەرە گەورەکانی قوتابخانەی هاوچەرخ دەپێکێت. بەڵام لەروانگەی پراکتیکەوە بەلایەنی کەمەوە دوو گرفتی هەیە ئەویش پەیداکردنی مامۆستاو ژوور. دواتر من نازانم وەزارەتی پەروەردە چەند ئامادەکاری بۆ کردووە یا بۆی دەکات؟ ئایا ئەم یارمەتیدانە لەم ساڵەوە دەست پێدەکات یا دواتر. قوتابخانەکانی ئێمە ئەمرۆ گرفتی کەم مامۆستایی و بینایان هەیە، ئایا وەزارەتی پەروەردە چۆن ئەمانە چارەسەر دەکات؟ یەکێك لەو چارەسەرە خێرایانەی ئەم ساتە بەمێشکمدا دێت ئەوەیە چەندین مامۆستای نوێ یا کەسانێکی دیکە کەدەرچوی پەیمانگەو قوتابخانە ئامادەییەکانن بۆ ئەو قوتابخانانە دابین بکات کەپێویستیان بەیارمەتی هەیە. وەکو جێگاش دەکرێ ئەو مامۆستا زیادانە لەناو هەمان پۆلدا یارمەتی ئەو خوێندکارانە بدەن، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا ئەمە ناکرێت بەڵکو دەبێ ژوری سەربەخۆیان بۆ دابین بکرێت. دواتر ئەم گروپانە مەرج نیە هەتا هەتایە پێویستیان بەو یارمەتیە هەبێت. زۆر خوێندکار هەن دوای ماوەیەکی کەم یا مامناوەندی ئیدی ئاستیان ئاسایی دەبێتەوەو دەتوانن لەپۆلە ئاساییەکانی خۆیاندا درێژە بەخوێندن بدەن. هەر لەم بوارەشدا من بریاری ناردنە ژوورەوەی دوو مامۆستا بۆ یەك پۆل بەئەرێنی هەڵدەسەنگێنم و پێم وایە ئەم کارە دەبێتە هۆی بارسوکی مامۆستایان بەمەرجێك میکانیزمی کارکردنەکانیان بۆ روون بکرێتەوە. بەکارهێنانی مامۆستای دووەم یا یاریدەدەر لەو پۆلانەدا کەکاری گروپ دەکەن بایەخێکی گەورەی هەیە. لەلایەکی دیکەوە زۆر جار خوێندکاری بزێو مامۆستاکان ماندوو دەکەن و ناچاریان دەکەن واز لەوانەووتنەوە بێنن و خەریکی ئەوان بن، بۆیە لەم حاڵەتەشدا دەکرێ مامۆستای یاریدەدەر ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی. بەڵام من واچاوەروان دەکەم ئەم مەسەلەیە گرفتی جیدی بێتە ڕێگا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.